IOM

وكالة الأمم المتحدة للهجرة

# ڕێکخراوی نێودەولەتی کۆچ و کۆمپانیای تۆیۆتا هاوبەشییەکی کەرتی گشتی-تایبەتی  بە کاردێنن بۆ پشتگیریکردن لە چینی لاواز لە دانیشتوان لە عێرآقدا

١٧ی شوبات ٢٠٢١

**هەولێر** - ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ  و کۆمپانیای تۆیۆت عێراق بەم دواییە ڕێککەوتنێکی هاوبەشییان واژوو کرد  بۆ دابینکردنی مەشقی پیشەیی و باشترکردنی دەرفەتەکانی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان لە عێراقدا.

عێراق لەگەڵ کاریگەریە کەڵەکەبووەکانی ململانێیەکانی ڕابردوو بەسەر پەرەسەندیەوە لە چەنگەچڕیدایە، و ئەمەش وای کردووە وڵات لە ژێر مەترسیی نوێبوونەوەی ململانێ بێت. سەرەڕای ئەمە، پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت بووە مایەی ئاڵۆزترکردنی ئاستەنگیەکانی باری ئابووری و  سیاسی کە لە وڵات هەیە،  کە چینە لاوازەکان لە دانیشتووانی خستووەتە نێو دۆخێلکی هەستیارتر. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ  پشتگیری لە حکومەتی عێراق دەکات لە پتەوکردنی سەقامگیری لە هەندێ لە هەرە لاوازترین کۆمەڵگاکان، لە ڕێگەی دەرفەتەکانی بژێوی.

لە ڕێگەی ئەم هاوبەشیە لەگەڵ کۆمپانیای تۆیۆت عێراق، دە گەنج مەشقیان پێ دەکرێ وەك بەشێك لە هەوڵەکانی بوژاندنەوەی ئابووری درێژ مەودا، خۆڕاگریی تاکەکەسی و کۆمەڵگەیی ، هەروەها سەقامگیری کۆمەڵگەیی لەو ناوچانەی بەهۆی قەیرانی داعشەوە کاریان تێکراوە.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆمپانیای تۆیۆتا عێراق کار دەکەن بۆ فرەوانکردنی مەودای کارکردن بەیەکەوە، دەرفەتی مەشق پێکردنی بەردەست بۆ ئەو گەنجانەی کە بەدوای کاردا دەگەڕێن. لە مانگی شوباتی ٢٠٢١ەوە، گەنجەکان لە پارێزگای نەجەف مەشقی پیشەیی  وەردەگرن تاکو  سێ لە سێ پڕۆگرامی تایبەتمەندندا: پڕۆگرامی  گەشەپێدان بۆ تەکنیککاری ئۆتۆمۆبێل، پڕۆگرامی گەشەپێدان لەبارەی پارچەکانی ئۆتۆمۆبێل، وەهەروەها پڕۆگرامی گەشەپێدان لەبارەی پەیوەندیەکان لەگەڵ کڕیاراندا.

لەم بارەیەوە بەڕێز گێرارد وایت، سەرۆکی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق گوتی، "ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ماوەیەکی زۆرە پشتگیری لە حکومەتی عێراق دەکات لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بووژاندنەوەی ئابووری، کە پڕۆگرامەکانی کۆمەکی بژێوی لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵگاش دەگرێتەوە. ئەم هاوبەشییە لەگەڵ کۆمپانیای تۆیۆتا عێراقدا هەوڵەکان زیاتر دەکات بۆ پشتگیریکردنی چینە لاوازەکان لە دانیشتوان، و ئامانجی باشترکردنی توانستی کەرتی تایبەتە لە  جێبەجێکردنی داخوازییەکانی بازاڕی کاری خۆجێیی."

مەشقەکان لەلایەن کارمەندانی کۆمپانیای تۆیۆتا لە عێراق لە هەولێر بەڕێوە دەبرێن. لە ڕێگەی ئەم
پڕۆگرامەوە،  مەشقپێکراوەکان ئاشنا دەبن بە ڕێبازی تۆیۆتا، کە ناسراوە بە کایزێن (باشترکردنی بەردەوام) هەروەها سیستەمی بەرهەمهێنانی تۆیۆتا. وێڕای ئەمە، مەشقپێکراوەکان زانیاری تەکنیکی و کارامەیی پیشەگەری بەدەست دەهێنن لەبارەی پیشەسازی ئۆتۆمۆبێل و فرۆشی. هەروەها ئەو کارامەییانەش فێردەبن کە توانای گواستەنەوەیان هەیە لە  پیشەسازی ئۆتۆمۆبێلدا،  و بە شێوەیەکی باشتریش ئامدەکراو دەبن بۆ گەیشتن بەو هەلە کارانەی کە دەبنە مایەی داهاتی بەردەوام. لە کۆتایی خولەکاندا، هەندێ لە مەشقپێکراوەکان لەوانەیە پەیوەندی بکەن بە ناوەندی خزمەتگوزاری تۆیۆتای متمانە پێکراو، یان کاری تایبەت بە خۆیان دادەمەزرێنن وەك تەکنیکاری ئۆتۆمۆبێل.

لەم بارەیەوە سەرۆکی کۆمپانیای تۆیۆتا عێراق، بەڕێز سەردار بیبانی گوتی، "ئەم [هاوبەشییە] بەشێکە لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیای ئێمە – کە ئەزموون و تەکنەلۆژیاکەمان هاوبەشی پێ بکەین لەگەڵ گەنجەکانی عێراق، تاکو بتوانن دەرفەتی یەکسان بەدەستبهێنن بۆ دامەزراندن".

هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیای تۆیۆتا عێراق بەشێکە لە پرۆژەیەکی گەورەتر – "سوودوەرگرتن لە بەستەری ئاسایش-گەشەسەندن  لە عێراق: پشتگیرکردنی سەقامگیری کۆمەڵگەیی لەو کۆمەڵگایانەی ململانێکان کاریان تێکردوون" – کە لەلایەن حکومەتی ژاپۆنەوە پشتگیری لێ دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە یەکەی زانیاری گشتی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق، ژمارەی تەلەفون ٠٠٩٦٤٧٥١٤٠٢٢٨١١ ، ئیمێل:  *iraqpublicinfo@iom.int*